# ڕێنمایی ژمارە / ٧ ساڵی ٢٠٠٠

## دامەزراندنی پرۆژەی سەربڕخانەی مریشك و مۆڵەت دانی

بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ژمارە ١٠ ساڵی ١٩٩٢ بۆ ڕێکخستن و پەرەپێدانی پڕۆژەی سەربرەخانەی مریشك و چۆنیەتی مۆڵەت دان بەو کەسانەی دەیانەوێ ئەو پرۆژانەی جێبەجێ بکەن و بۆ ئاسان کاری ئیش و کاری ئەم پرۆژەکاریە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد .

**ماددەی یەکەم :**

ئەم ووشانەی خوارەوە ئەو واتانەی بەرامبەریان درگرێتە خۆی :..

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرەو ئاژەڵ .

**ماددەی دووەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :..

١. داواکاری لە لایەن هاووڵاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکـان بۆ دروست کردنی پرۆژە لە گەڵ داواکارەکە وێنەیـەك کـە پرۆژەکـە لـە سـەر دروسـت دەکرێـت بـە مـەرجێك پشتگیری کرابێ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زاری پارێزگا .

٢ گرێ بەندێ کرێی زەوی ئەگەر هات و زەوییەکە بە کرێ بوو یان وێنەیەك لە تاپۆی زەوییەکـە ئەگـەر هات و زەوییەکە (ملك) بوو وە ئەبێ بـە نـاوی داواکارەکـە بێـت وە هـەروەها ڕەزامەنـدی شـەریکەکانی وەربگرێت ئەگەر هات و شەریکی هەبوو .

٣ لە بەر ئەوەی هاووڵاتیانی هەندێ ناوچە (صوره قید) (تاپۆ) یان گرێ بەستی کرێی زەویان بـۆ ئـەوەی بتوانرێ پشت بە فەرمانگەکانی کارگێڕی وە لە گەڵ فەرمانگە کشتوکاڵیەکان ببەستن وە ئەم پـشتگیریە دەبێت باوەڕی پێ بکرێت وەکو صوره قید بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لە سەر ئەو زەویە .

٤. بەڵێنی پەسند کراو لە لایەن (کاتب عدل) کەوا خاوەن پرۆژەکە فەرمانبەر نىیـە لـە هـیچ فەرمانگـەکانی حکومـەت هـەروەها تەمـەنی لـە ١٨ سـاڵ کـەمتر نىیـە وە ئـەبێ ئیلتزامـی تـەواو هـەبێت بـە هـەموو ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە پرۆژەکەی جێبەجێ دەکات .

**ماددەی سێیەم :**

أ. ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :..

١. ئەبێ دووری لە نێوان پڕۆژەی هاوشێوە ١ کم بێت .

٢. ئەبێت دووری لە پڕۆژەی مریشکی گۆشت و هەڵهێنەر ١ کم بێت .

ت. وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانەی خوارەوە :..

ژینگە مرۆڤایەتی – ڕێگاوبان – شارەوانی – شوێنەوار – گەشت و گوزار – ئاودێری بەنداوەکان – کارەبا – گواستنەوەو گەیاندن – نەوت و کانزاکان .

**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**